www.kurdistannet.org

# نا بۆ عێراق

حەمەسەعید حەسەن

لە کۆنفرانسی پەرەپێدانی کوردستاندا کە لە هەولێر بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمپانییە بیانییە بازرگانییەکان بەسترا و دوو ڕۆژی خایاند، (٨ و ٢٠٠٣/١٢/٩)
نێچیرڤان بارزانی گوتی:

(* دەمانەوێت کێشەی کورد لە ناو سنووری عێراقدا چارەسەر بکەین.

* دەزانین دەبێت دەستبەرداری هەندێک لەو دەسەڵاتانەی لە ڕابردوودا هەمان بوون، ببین، وەک پێوەندییە دەرەکییەکانمان.

* داهاتی نەوتی کوردستان، بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پارێزگاکانی باشووردا بەش دەکەین، مادام باشووری بە نەوت دەوڵەمەندیش وا دەکات.)*

منیش دەڵێم:

(١) کورد دەخوازێت جاری سەربەخۆیی بدات و بە تەواوی لە عێراق جیا ببێتەوە، چونکە هیچ گومانی لەوە نییە، چارەسەرکردنی کێشەکەی لە چوارچێوەی عێراقدا مەحاڵە.

(٢) کورد بۆیە لە شەڕی نێوان هاوپەیمانان و ڕژێمی عێراقدا، لایەنی یەکەمیانی گرت، بۆ ئەوەی دوای هەرەسی بەعس دەسەڵاتەکانی بەرفراوانتر بن، نەک هەندێکیان لە دەست بدات. بە هیوای ئەوە بوو، کەرکووک ببێتە پایتەختی کوردستان و ئەو ناوچانەی لە نێوان ڕاپەڕین و هەرەسی بەعسدا دابڕابوون، بە کوردستانەوە پەیوەست بینەوە.

(٣) سامانی کوردستان موڵکی هیچ کەس و هیچ لایەنێک نییە و هیچ کەس و هیچ لایەنێکیش مافی ئەوەی نییە بیبەخشێت.

2003. 12. 11

* ڕۆیتەرز.